داهاتی ریال مەدرید زەرترین بووە لە ساڵی 2024دا دوای ئۆڵی یەک ملیار یۆرۆی تێپەڕاند

داهاتی ریال مەدرید زەرترین بووە لە ساڵی 2024دا دوای ئۆڵی یەک ملیار یۆرۆی تێپەڕاند.

پێگەی فوتبۆڵ بەنچمارک ریزبەندی داهاتی یانەکانی شەش خولی ناوخەیی ئەوروپای لە ساڵی 2024 بەاوکردەوە لەسەر ئاستی کاری بازرگانی و گواستنەوەی یاریزانان و ریکلام و ئامدەبوونی هاندەران لە یاریگا.

یانەی ریال مەدرید لە پێشەنگی یانەکانی خولی ئیسپانیدایە بە شێوەیەک کە داهاتەکەی یەک ملیار و 65 ملیۆن یۆرۆیە و بووە یەکەم یانە لە مێژوودا لە ماوەی یەک ساڵدا داهاتەکەی زیاتر لە یەک ملیار بێت.

لە خولی ئینگلتەراش، یانەی مانچستەر سیتی زەرترین داهاتی هەبووە بە شێوەیەک کە 838 ملیۆن یۆرۆ بووە، پاریس سان جەرمانیش لە فەرەنسا زەرترین داهاتی هەیە بە شێوەیەک کە 806 ملیۆن یۆرۆیە.

یانەی ئینتەر میلانیش کە پاڵەوانی وەرزی رابردووی خولی ئیتالیە زەرترین داهاتی لە نێو یانەکانی ئەو خولەدا هەبووە لە ساڵی 2024دا کە 399 ملیۆن یۆرۆیە، ئایندهۆفن و سپەرتینگیش لە خولەکانی هۆڵەندا و پورتوگال زەرترین داهاتیان هەبووە.

جگە لەوەش، ریاڵ مەدرید خاوەنی گرانترین پەکهاتەیە لە نێو یانەکانی ئەستای تەپی پەدا بە شەویەک نرخی پەکهاتەی سەرجەم یاریزانەکانی یەک ملیار و 364 ملیۆن یۆرۆیە، نرخی پەکهاتەی مانچستەر سیتی یەک ملیار و 231 ملیۆن یۆرۆیە و پاریس سان جەرمانیش نرخی پەکهاتەکەی یەک ملیار و 41 ملیۆن یۆرۆیە.